# ڕۆشنبیران ڕامانی خۆیان سەبارەت بە کشانەوەی هێزی تورکیا لە باشووری کوردستان پێشان دەدەن

دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٩-٢-٢٠٠٨ سەرچاوەکانی هەواڵ باسیان لە کشانەوەی هێزەکانی تورکیا لەباشووری کوردستان کرد و شکانی تورکیایان دانا، هەندێک سەرچاوەی دیکەش پێیانوابوو کە تورکیا لەژێر گوشاری ئەمریکادا پاشەکشەی کردووە، چونکە ڕۆبەرت گەیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا لە ڕۆژێکدا ٤ جاری بە بەرپرسانی تورکیای گوتبوو کە نابێ ئۆپەراستۆنەکە لە دوو هەفتە زیاتر بخایەنێ، لەم پێوەندەدا **ڕۆژی گەل** بە پێویستی زانی ڕاو سەرنجی ژمارەیەک کەسایەتی و سایسەتمەداری کوردستان وەر بگرێ، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی ئیمایلەوە پرسیارێکی بۆ ژمارەیەک کەسایەتی نارد، لێرەدا وەڵامی هەندێک لەو بەڕێزانە بۆ خوێنەرانی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل دەنووسینەوە:

**عارف باوەجانی**، سکرتێری پارتی سەربەستی کوردستان؛



چەند هۆکارێک هەیە بۆ کشانەوەی هێزەکانی تورکیا لە باشوری کوردستان،

١. هێزە بۆرو زۆرەکەی تورکیا لەوە ناتوانن حەشا بکەن کە لەگەڵ شکستێکی زۆر گەورە ڕوو بە ڕوو بون و توانای بەرگری کردنیان نەمابوو، بۆ ئەوەی ئابڕوی وڵاتەکەیان نەبەن پێیان باش بوو بکشێنەوە، زیاتر لە سەدان جەنراڵ و سەربازیان کوژران، هەلیکۆپتەرێکی جەنگیان لێ خرایە خوارەوە، بە هەزاران سەربازیان بەرگەی سەرمای نەگرت و بە نەخۆشی بەرەو خەستەخانەکانی تورکیا گوێزرانەوە، هەروەها لەگەڕانەوەی تەرمی کوژراوەکانیان لەگەڵ ڕق و کینەی خەڵکەکەیان ڕووبەڕوو بونەوە، تورکیا ئەوە زیاد لە ٢٠ ساڵە شەڕی پێکاکا دەکات و بەڵێنی درۆ بە خەڵکەکەیان دەدەن کە گوایا پێکاکا لە بەین دەبەن، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە لە بەینیان ببەن و هەرگیزیش ناتوانن، چون پێشمەرگەی کوردستان بە بیرو باوەڕەوە و لە پێناو پاراستنی مافەکانی خۆیان خەبات دەکەن، بەهەڕەشەو گوڕەشەی داگیرکەران هەرگیز بە چۆکدا نایەن. ئەوەش بۆ تورکیا باش ڕوون بووەتەوە، هیوادارم لەم شکەستەیان ئەزموونیان وەرگرتبێت، ئەم جارە هەوڵی دیالۆگ بدەن لەگەڵ کوردا،


٢. باش بۆیان ڕوون بووەوە کە ناتوانن لە خاکی کوردستان بمێننەوە، بینییان کە جەماوەری کوردستان بە ژن ومناڵەوە سەرجادەکانیان لێگرتن، باش دەزانن مانەوەیان لە کوردستان یاری کردنە لەگەڵ ئاگر، هەروەها ئامادەباشی هێزەکانی پاراستنی کوردستان و بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان ئەمانە هەموو ترسی لای تورکی داگیرکەر دروست کرد،

٣. لە ئاست نێو نەتەوەییشەوە زەربەیەکی گەورەیان خوارد، وەک بینیمان چەندین وڵاتی مەزنی جیهانی ئەو کردەوەی تورکیایان پروتستۆ کرد، کە زۆربەیان لە وڵاتانی ٥ لە سەر ١ ی جیهان بوون، هەروەها یەکێتی ئوروپاش داوای لە تورکیا کرد بە زووترین کات بکشێتەوە، تورکیا زۆری هەوڵ دەدا کە پشتیوانی نێونەتەوەیی کۆ بکاتەوە بۆ دژایەتی کردنی کورد، بەڵام بە پێچەوانەوە بەم کردەوەی کەوتە ژێر پرسیاری زۆرەوە، لە لایەکی دیکەشەوە باڵوێزی تورکیا لە زۆربەی وڵاتان کەوتە مترسی زۆرەوە.

٤. بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرا بوو کە تورکیا مەبەستی سەرەکی ئەو کردەوەی ئەم جارەی تێکدانی ئارامی و ئاسایشی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بە تایبەت دیسان دروست کردنەوەی کۆسپ بۆ سەر مادەی ١٤٠. دەیەویست هێزەکانی خۆی لەو ناوچەدا هەبن و بتوانن دزە بکەنە ناو کەرکوک بۆ ئاژاوە نانەوەو کوشتنی خەڵک بۆ ئەوەی دوای ئەو ٦ مانگە ئەو مادە یاساییە جێ بە جێ نەکرێت.

٥. مەبەستێکی دیکەی ئەوە بوو کە وا پێشان بدات ناوچەکانی کوردستان شوێنێکی ئارام نین، بۆ ئەوەی کۆمپانیاو کۆنسوڵگەریەکانی ئەو وڵاتانەی کە لە کوردستاندا بکشێنەوە، تورکیا بە بینی کۆنسوڵگەری و کۆمپانیانیی جیهانی لە کوردستان زەندەقی چووە، ئەگەر باش دیقەتمان دابێت کە ئەم هێرشەی تورکیا هاوکات بوو لەگەڵ سەفەری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بۆ کوریای باشور، کە لەو سەفەرەدا لە گەڵ چەندین کومپانیایی کۆریای یاداشتنامەیان واژۆ کرد بۆ ئەوەی بێن لە کوردستان سەرمایەیان بخەنە گەڕ، ئەم جۆرە دەسکەوتانەی کوردستانیش بۆ وڵاتێکی دژە کوردی وەک تورکیا زەحمەتە بێدەنگ بێت.

**حەکیم کاکەوەیس**، ڕۆمان نووس و نووسەر لە وەڵامدا



نووسیویەتی:

lەشکری تورک بەر غەزەبی قەندیل کەوت. قەندیل، بە بەفر و کچە جگەرگۆشەکانیەوە، بوونە کەرەسەی مەرگ بۆ جەندرمە. پەرلەمانی کوردستانیش شەرمی شکا و بۆ یەکەم جار بە تورکی گوت: "نا!" ئەو "نا"یە، ئەگەرچی "نا"یەکی شەرمن و دوودڵ بوو، بەڵام "نا" بوو و تورک چاوەڕوانی نەدەکرد. هەر ئەو "نا"یە زمانی بووشی لە مەڵاشووی ترازاند و هێنایە گۆ: "دەبێ لەشکری تورک بکشێتەوە". ئاخر تەنها کورد لە ناوچەکەدا پاشەڵی دڕاوی ئەمەریکا پینە دەکا و ئەمەریکاش نایەوێ دەسبرداری پینەچییەکانی خۆی بێ. بەڵام دەبێ بزانین: لەشکری تورک نەکشاوەتەوە، بەڵکو خۆی بۆ هێرشی تر کێشاوەتەوە! ئاخر کورد لە ئەرجەنتینیش بڵێ هەم، تورک ڕازی نابێ و دەبێ هەمیشە بۆ بەرگریی ئامادە بین، نەک ڕیکلامی زیاتر بۆ کەرەسەی تورک بکەین و کۆمپانیاکانیان بهێنینە وڵاتەکەمانەوە کە گشتیان دەزگای جاسووسین!

**ئەحمەد تازەدێیی**، نووسەرو ڕۆژنامەوان، کە لە وڵاتی سوێد دەژی، لە وەڵامدا دەڵێ:



زۆر سوپاس بۆ بەسەرکردنەوەو پرسیار کردنتان لەمەڕ کشانەوەی زلهێزە بەزیوەکەی تورکیا، بێگومان من بە لوت شکانی دەزانم، بڕوام وایە هیچ فشارێکی دەرەکی وای نەکرد، بەزوترین کات باشوری کوردستان بەجێ بهێڵێت، تەنها گورزی کاریگەری گەریلا گیان لەسەر دەستەکان نەبێت، چونکە پێش ڕۆژێک بەر لەکشانەوە، سەرۆک ئەرکانی سوپا بەزیوەکەیان ووتی: بەهیچ جۆرێک پاشەکشە بە هێزەکانمان ناکەین، تاوەکو هەموو ئامانجەکانمان نەیەتە دی، بەدڵنیاییەوە گەر بۆیان بکرێت چەندین جاری تر دەگەڕێنەوەو سەدان تەرمی بۆن گەنیویان لێ بەجێ دەهێڵرێت.

بۆ کوێ دەڕۆن هەر بستێکی
کوردستانم
شێرێک خۆی تیا مەڵاس داوە
دڵنیا بن تەرمی بۆگەنی کرمنتان
پۆل پۆل دەگەڕێتە دواوە
***
دێنە دەست لێتان بە جارێ
کچ و کوڕی تفەنگ لەشان
تەماشاکەن و بڕوانن
تۆڵە چەند بە زەبرەو گران
***
جا ئەو کاتە پەشیمانی
پەنا نادات خوێن ڕێژی پیس
تەرمی بۆگەنتان دیاری بێت
بۆ ئەتاتورکی کۆنە ئیبلیس

**کاروان سەربەنی**، نووسەرو ڕۆژنامەنووس، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکەی دایەوە:

هەڵبەت داگیرکەرانی کوردستان خاوەن میدیایەکی گەورەو بەرفراوانن، هەروەها وڵاتە بەرژەوەندخوازو سەرمایەدارەکانی جیهانیش بەردەوام پشتیوانیان لە داگیرکەرانیان کوردستان، بەتایبەتیش لە ڕژێمی تورکیا، بۆیە ئێستا هەوڵدەدەن شکستی سوپای تورک لەبەرانبەر هێزی گەریلای پارتی کرێکارانی کوردستان بشارنەوە، چونکە ئەم شکانە کاریگەری خراپی لەسەر دەروونی تورکە تۆرانیەکان داناوە، تەنانەت هەر ئێستا دەبینین کە هەندێ لە ڕاگەیاندنەکانی تورک گلەیی و ڕەخنەیان دژ بە ژەنەڕاڵەکان و سوپای وڵاتەکەیان دەست پێکردووەو بە کەمتەرخەم و هیچ لە بارا نەهاتوویان دادەنێن، بۆیە ئێمەی کورد نابێ هێندە بەو سەرکەوتنە دڵخۆش بین، چونکە لەوانەیە لە داهاتوودا سوپای تورک بیەوێ ورەی جەماوەرەکەی بەرز بکاتەوەو دەست بە ئۆپەراسیۆن بکاتەوە.

من وەک کەسێک پێموایە کە ڕاسپاردەو ئامۆژگاریەکانی ئەمریکاو وڵاتانی دیکە کاریگەریان لەسەر کشانەوەی هێزەکانی تورکیا دا نیە و نەبووە، بەڵکو ئەو گورزە گەورەیەی کە سوپای تورکیا پێی کەوتووە، بۆی چاوەڕوان نەکراوبوو، ئیدی نایەوێ لەوە زیاتر لەبەرچاوی خەڵکی تورکیا، بەتایبەتیش لەبەرچاوی لایەنگرانی خۆیدا ڕیسوا بێ و هەیبەتی خۆی لەدەست بدات.

من شانازی بەشەڕی بەرگری دەکەم کە گەریلاکان لەجیاتی خەڵکی کوردستانەوە ئەنجامیان دا، فیداکاریان نواندو ئەو بەڵا و پەتایەیان لە باشووری کوردستان دوور خستەوە، بەڵام دەڵێم هەڵوێستی سەرکردایەتی باشوور جێگەی بێزاری بوو، ڕوخساری هەست نەکردن بە کێشە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بوو، ئەمەش تا مردن وەک مێژوو دەمێنێتەوە، حەزم نەدەکرد وابێ، هەرچەندە دڵنیابووم کە وا دەبێ.

# ئایا مارەیی زۆر گرەنتی سەکەوتنی ژیانی هاوسەری دەکات؟!

پێکهاتنی ژیانی هاوبەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازی هەیە و لەگەڵ تایبەتمەندی نەتەوەیی و زۆرجار ئاینی تێکەڵاوە بووە، یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پتەوبوونی خێزان مارەییە،و تا ئێستاش لە زۆر جێگا مارەیی بە پێی ویست و خواستی کەسوکاری ژنەکە دیاری دەکرێ. فاتیمە بەکر سەبارەت بە مارەیی دەڵێت هەببونی شتێکی باشە بەڵام دەبێت لە ڕادەی خۆی دەنەچێت و نەبێتە فرۆشتنی ئەو کەسە هەروەها دیاریکردنی مارەیەکی ڕەمزی لە نێوان ئەو دوو کەسەدا دەبێتە هۆی زیاتری لە یەک نزیک بوونەوەی هەردوو هاوسەرەکە.لە بارەیی پەیوەندی هاوسەرگیریەوە بەختیار ئەحمەد کۆمەڵناس دەڵێت"ئێمە دەزانیین ئەوەی کە هۆشیاری خەڵک دیاری دەکات بریتیە لە کلتووری ئەو کۆمەڵگایە بە شێوەیەکی گشتی بە تایبەتی لە کۆمەڵگا داخراوەکانی جیهانی سێیەمدا،پەیوەندی هاوسەرگیری وەک پەوەندیەکی کۆمەڵایەتی بێبەش نییە لەوەی کە ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی کەلتووری بەسەرەوەیە،لەگەڵ ئەوەشدا ئەبێت بڵێین کلتووری هەر نەتەوەیەک دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایین و ئەو پەیامە ئاسمانییەی هەڵگرانی ئەو کلتوورە باوەڕیان پێ هێناوە،لە هەندێک سوێن کاریگەری ئایین لەسەر کەلتوور زۆرە لە هەندی شوێن کاریگەری بە ڕێژەیەکب کەمە بێ گومان لە کۆمەڵگاکانی هاوشێوەی کۆمەڵگا ئێمەدا کەتا ئێستاش مشتومر و گفتوگۆ بەردەوام لەسەت جیاکردنەوە و



جاینەکردنەوەی دین لە دەوڵەت دەکرێت،گومانی تێدانییە کە ئایین ڕیشەیەکی قوڵی هەیە لە ناخی کولتوورەکەیدا داکوتاوە، بە مانایەکی تر کەلتووری ئێمە کەلتووریی ئاینییە". هەروەها وێرای ئاماژەی ناوبراو بەوەی کە کلتووری کۆمەڵگا فێرمان دەکات کە دەبێت مارەیی بە تەنیا گرەنتی بەردەوام بوون و مانەوەی ژیانی هاوسەرگیری بزانیین دەڵێت"زامنکردن و گرەنتی لە ژیانی هاوسەریدا ئەوەندەی وابەستەی دروست بوونی ڕایەڵی ڕوحیە لە نێوان ئەو دوو کەسەدا کە بڕیاری بچنە ناو ژیانی هاوسەری، بە ئەندازەی ئەوە بەسراو نییە بە هەندێک شتی ناڕوحی و مادی. ئەگەر چی پێش چوونە ناو ژیانی هاوسەری کەلتووری ئێمە ڕێگەی ئەوە نادات کەئەو دوو کەسە دەیانهەوێت ژیانی هاوسەرگیری پێک دەهێنن،لە زەمینەیەکی گونجاودا کەشفی لایەنە باشەکان و خاڵە لاوازەکانی خۆیان بکە کە پێویستە هەردوو لا بزانن.لە ڕێگەی دیالۆگ و گفیوگۆ و لێک تێگەیشتن نزانن تاچەند لەگەڵ یەکتری دەگونجێن و تاکوێ ئەوان دەتوانن ژیانێکی گونجاوی هاوسەرگیری پێکبهێنن،ڕەنگە نەبوونی ئەم زەمینەیە وای کردبێت بیرکرنەوەی ئافرەت یانماڵی ئافرەت لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەردەم بە گومان بن لەوەی کە ڕۆژێک کچەکەیان بکەوێتە بەردەم هەڕەشەی تەڵاقدان،بۆیە ئەوان پێیان وایە ئەگەر مارەیی کچەکەیان زۆر بوو،ئەوا هاوسەرکەی ناتوانێت تەڵاقی بدات، بێ ئەوەی بیر لەو ژیانە دۆزەخیە بکەنەوە کە کچەکەیان تێی دەکەوێت،چونکە دەزانننئەگەر پیاوێک هاوسەرەکەی لەبەر زۆری مارەییەکەی تەڵاق نەدا و تازە بوویێت بە تەوەق بە گەردنییەوە ئەوا گومانی تێدانییەکە مامەڵەی ئەو پیاوە لەگەڵ خێزانەکەی مامەڵەیەکی دوژمنانە دەبێت و بە جێگەی بەخشینی سۆز و خزۆشەویستی خەفەت و شەر و ئاژاوەی دەخوار دەدات".بۆیە تەڵاق و جیابوونەوەی دوو هاوسەر لە زۆر حاڵەتدا زۆر باشتر و گونجاوترە وەک لەوەی پێکەوە پێکەوە بمێنەوە لەو پەیوەندییە دژوارەدا،چونکە ئاڵۆزیەکانی پەیوەندی ئەوان ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێ لەسەر ئەو منالانەی دەبێت لە ئایندەدا،لە ڕوانگەی ئەوەشەوە زۆر جێگەی داخە سەنگ و قورسای ئافرەت بەستراوەتەوە بە ڕێژەی مارەییەوە،بەو مانایەی چەند مارەیی کچەکە زیاد بێت ئەوا ژنەکە خاوەنی سەنگ و قورساییە وە بە پێچەوانەشەوە.بێ ئەوەی بزاندرێت گرنگی نرۆف لەجەوهەریدایە،گرەنتی لە ڕێز و خۆشەویستی لێک تێگەیشتن و وەفا و قوربانیدایە،هەندێ جار ئافرەت تووشی ئەو هەڵەیە دەبێت کە وادەزانێت کە چەند مارەیەکەی زیادبوو ئەوەبدە خۆشەویست و گرنگی لای بەرامبەرەکەی زۆر تر دەبێت،بە پێچەوانەوە هەندێ جار مارەی زۆر زیندانێکە بۆ خۆی دروست دەکەیت،زندانێک کە بە ئاسانی ناتوانیت لێی هەڵبێیت بەختیار دەڵێت"ئەگەر مارەیی زۆر دەستەبەر و گرەنتی مانەوەی ژیانی هاوسەری کردبایە، بە ڕێژەیە ئەمرۆ دەبینیین تەڵاق و جیابوونەوەی هاوسەران زۆر نەدەبوو،دەبێت تێگەشتنمان فراوان بکەین فافرەت کاڵانییە چەند پارەیی زیادی کرد ئەوەندە بە نرختر بێ".لە لایەکی ترەوە شیرین محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی پێی باشە مارەیی لە شەرع دەرنەچێت،چونکە مارەیی زۆر کاریگەری نەبووە لەسەر توندوتۆڵ کردنی ژیانی زێوان ئەو دوو هاوسەرەدا بۆچوونی ئەو ژنانەی بە هەڵە دادەبێ کەلایان وایە مارەیی زۆر ڕێگری دادەنێت لە بەردەم پیاوان بۆ تەڵاق یان گەدر لێکردنیان،بۆیە لەسەر ئەوە بڕوایە کە دەبێت ئافرەتان خۆیان هەوڵبدەن خۆیان ببسەلمێنن لە ناو خێزانی خۆیاندا و لەدەرەوەشدا، گرینگترین شت لە نێوان خێزانەکاندا پێوستە بکرێت ئەوەیە لە کاتی تورەبوونی یەکێکیان ئەوتریان هەوڵبدات ئارامی بکاتەوە و کار نەگاتە ئەوەی ناخۆشی لە نێوانیاندا دروست ببێت،هەروەها سیرین ووتی" چەند خۆشە کە کاتێ کچێک داوای تەنیا ئەڵقەیەک دەکات لە کورەکە، لەبەرئەوەی هەردووکیان متمانەیەن بەیەکتر هەیەباوەڕیان بەو پەیوەندییە هەیە کە لەنێوانیاندایە هەندێ کات ئافرەت هەیە کە ڕێژەیەکی زۆری ئاڵتون و زێڕ هەیە و دڵ خۆشیش نییە چونکە یان مێردەکەی بەدڵی خۆی نییە یان بە پێچەوانەوە مێردەکانیان باش نین و هەڵسوکەوتیان خراپە لەگەڵیان".مامۆستا کەریم فەقێ سلێمان مامۆستای ئایینی لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامەوە لەو مەسەلە دەڕوانێت و دەڵێت"ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێزێکی زۆری لە ئادەمیزاد ناوە بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی،مارەیی لە ئیسلامدا نرخ و بەهای خودی ئافرەت نییە تا بڵێین چەندی زۆرتر بێت بەڵگەیە لەسەر قەدر و قیمەتی ئافرەت،مارەیی‌ەکو ڕێز لێنانێک و دڵخۆشیەک و دیاریەک داندراوە بۆ ئافرەت،کەمافی خۆیەتی و کەس بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندی ئەو دەسکاری بکات مارەیی لە ئیسلامدا سنور و ڕادەی بۆ داندراوە.

ئامادەکردنی:
ئارام حسێن

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com